# ڕوکنی سێهەمە

# شێوازی ئیمان هێنان بە مەلائیکەت

لە دوا وانەکانی زیندوکردنەوەی ئیمان دا، باسی مەلائیکەت و چۆنیەتی ئیمان دروستکردن بە (ملائكة) دەکەین، کە بەشێکە لە بەشەکانی تەواوکردنی ئیمان، بەو شێوەیەی خودای ڕەحمان لە قورئاندا باسی کردووە.

لە باسی ئیمان و بنچینەی ئیمان گوتمان: دوو ڕەهەندە" (الإيمان بالله و اليوم الاخر). سێ ڕوکنەکەی دیکە تەواوەکەریەتی کە:

یەکەم: الإيمان بالملائكة.

دووەم: الإيمان بالكتب.

سێهەم: الإيمان بالرسل.



**شوێنی مانەوەی رسول الله**(علیه السلام و البرکات)

## لە نێوان مؤمن و کافر کۆمەڵێ پلەبەندی هەیە!

تەئکیدمان لەسەر ئەو دۆخەی کرد کە خودای ڕەحمان گەردوون و بوونی بە ڕێسایەکی دیاریکراو دروست کردووە، بێگومان دەبێ ئەو دروستکراوانە بە گوێرەی ئەو ڕێسا و پێوەر و هاوسەنگییە دروستکرابن، هەروەها پەیوەندی نێوانیشیان پەیوەستن بەیەکەوە، خودای ڕەحمان ئەوەی لەسەر خۆی کردۆتە سوننەت، کەهەتا بەشەریەت و گەردون بمێنێ خودای ڕەحمان بە ئاراستەی ئەو یاسا و پێوانەیە مامەڵە لە گەڵ دروستکراوەکانیدا دەکات.

لێرەدا هەموو شتێك ڕێسا و یاسای خۆی هەیە، خودای ڕەحمان هەموو دروستکراوەکانی لۆ بەشەریەت و ئینسان دروستکردیە، ئینسانیشی لۆ پەرستش دروست کردیە، هەڵبەت، شێوەی بەستنی ئەو پەیوەندییەی نێوان ذاتی خۆی خودای ڕەحمان لەگەڵ ئەو بەشەرەی دروستکردووە تەنها لۆ پەرستشە، خودای ڕەحمان بەشەر لۆ ئیعتیباراتی گێرەشێوێنی جێ ناهێلێ، هەڵبەت، تێگەیشتنی عیبادەت کە سەرچاوەی لە ئیمانەوە دەست پێدەکات دەبێ بەو یاساو ڕێساو ئیمانییە لە ناخی ئینسانەکەی سەر لەنوێ دروست بکرێتەوە.

جگە لەو ڕێگەو شێوە ئیمان دروستکردنەی کە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) پێیدا چووە، خودای ڕەحمان ئیعتیباری لۆ شێوەی دروستکردنی ئیمانی نێو پەرتووکەکانی دیکەو (صیحاح)یش دانەناوە، چونکە دەبێ بەگوێرەی ویستی خودای ڕەحمان ئیمان دروست بکرێ، ئەو کاتە کردەوەکان خەتم و مۆری صالحی پێوە دیار دەبێ.

ئەگەر هاتوو بەو قۆناغ و ڕێکخستنانە ئیمان وەرنەگیرا و لە ناخی ئینسان هەڵنەهێنجرا، نەگوازراوە لۆ واقیع، ئەوە تەنها ئیسلام بوونە نەك ئیمان هێنان، واتە" تەسلیم بوونە لۆ کۆمەڵە یاساو ڕێکخستنەك، بەڵام لە ناخ و خودی ئینسانەکەی ئیعتیبارو ڕاستی تێدا نییە، لۆیە خودای ڕەحمان لە قورئان هەرگیز باسی (عمل)ی نەکردووە پەیوەستیکردبی بە موسڵمان بوون.

نەیفەرمووە: (الذین أسلموا و عملوا الصالحات) چونکە بە هەند وەرگرتنی قۆناغی موسڵمانێتی لە قورئان دۆخێکی (ناجێگیرە)، چونکە کەسەکە کە تەسلیم بوو دەبێ لۆ ذاتی خودای ڕەحمان تەسلیم بێ، ئۆتۆماتیکیەن لە چوارچێوەی ئیمان، چونکە ئەگەر نەبووە (المؤمن) هەرکردەوەیەکی کرد لەڕوانگەو تەرازووی قورئان و سوننەت بەهەند وەرناگیرێ، (مەبەستمان ئەوەنییە ئینسانەکە تەکفیر بکەین) چونکە بە تێڕوانینی قورئانی نێوان (المؤمن) لەگەڵ کافر پۆلینی دیکە هەیە.

ئەگەر بتەوێ یەکسەر هەر ئینسانەك کافر بکەی، ئەوە شوێنەوارێکی مێژوویی و کلتوریی هەڵەیەو لەمێشکمان دانرایە، وەك ئەوەی بگوترێ مرۆڤ دەبێ یان دەبێ کافر بێت یان موئمین!

له قورئان پلەو قۆناغی دیكه لەنێوان (المؤمن) و كافردا هەیه، وەك" (الأنعام) هەیه، پاشان دەبێته ئینسان ئینجا دەبێته (الناس)، ئینجا دەبێته (بنی أدم)، ئینجا دەبێته (البشر)، ئینجا دەبێته (المسلم)، پاش ئەو پله و قۆناغانه، ئەوكاته موسڵمانەكه دەبێته (المؤمن)، ئەو هەموو پۆلێن و قۆناغانه لەقورئان لۆ خودی مرۆڤ باسكراوه.

## لۆ كافر كردن تەنها مافی خودای ڕەحمانه حوكم بدات

ئەوەی ئێستا له مێشكی ئێمه دانرایه (فمنكم كافر و منكم مؤمن) ئەوه تەنها هەڵسەنگاندن و حوكمی خوایه له ڕۆژی دوایی و خودای ڕەحمان به تەنها ئەو حوكمه دەدات، بەشەرییەت هەموو دەبێته دوو بەش، وەك ئێستا نامێنێ و له ڕۆژی دوایدا كۆمەڵێك تەنها (مؤمن) كۆمەڵێك تەنها (كافر) دەمێننەوه، حاڵەتی ناوەڕاست نامێنێ وەك دەڵێن، لۆیه ئیمان هێنانەكه دەبێ بەو یاسایه بێت كه خودای ڕەحمان دایناوه، وەك چۆن خودای ڕەحمان هەموو شتێكی به یاسا دروستكردووه، له بچوكترین هەتا گەورەترین و ئاڵۆزترین شت، هەمووشیان پەیوەستن بەیەكترەوه.

ئەگەر فەرمایشتەكانی ذاتی خودای ڕەحمان بەگوێرەی یاسا بێت، یان هەموو شتێك بەو جۆره بێت، ئەوه ئیمان هێنان بەذاتی خودای ڕەحمان له هەموویان لەسەروتره تاكو یاسای خۆی هەبێت.

لۆیه ئیمان هێنان دەبێ بەگوێرەی یاسای خوداو ترتیب نزولی قورئان بێت، چونكه رسول الله(علیه السلام) بەو جۆره ئیمانی به خودای ڕەحمان هێناوه، هەر بەو جۆرەش صەحابەی دروستكردووه، ئەو یاسایەی لەسەر داناون و ڕێنمایی كردوون تەنها بەو ڕێگەیه ئیمان به خودای ڕەحمان بێنن.

سەرەتا سورەتی (العلق) پاشان سورەتەكانی (القلم، المزمل، المدثر) هەتا كۆتایی بەو جۆره هاتووه، تەنها ئەو ڕێگەیه تەرتیبی دروستكردنی ئیمان بووه له دڵی رسول الله(علیه السلام و البركات)، لۆیه پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) هەر ئەوەی به هەمان یاسا پێشكەشی صەحابەكان كردووه، ئەگەر به هەمان یاسا و شێواز ئیمان له دڵ و ناخمان دروست نەكرێت بێ سەرو بەرییه (فوضا)یه.

لۆیه ئەنجامی ئیمانەكه، كه كردەوەیه (أمنوا وعملوا) ئەگەر كردەوەی خۆمان لەگەڵ ئەنجامی كردەوەی پێشووترمان ببێوین بۆشایی و جیاوازییەكی زۆرمان هەیه، كەمێك پێش ئێستا چوار ركعات نوێژی عەصرمان كرد، ئەبوبەكرو موصعەبیش هەر ئەو چوار ڕەكعەتەیان دەكرد، دەپرسین لۆ نوێژی ئەوان بەو شێوەیه بوو؟

لۆ نوێژی ئێمه ئەوهایه؟ لەبەرئەوەیه كەموكورتی له نوێژەكانمان دا هەیه، لەبەرچی؟ چونكه (أمنوا)مان تەواو نییه.

باسی داڕشتنی وشەی قورئانمان كردووە، خودای ڕەحمان ئەندازەگیرییەكی وردی هەیە لە قورئان، بەگوێرەی ئەو ئەندازەگیرییەش وشەكان هەڵدەبژێت و دروست دەبن، لەكاتی جێبەجێكردنیشدا نابێ ئەو وشانە لێك جیابكرێنەوە، لە دارشتن و ئەندازەیی قورئاندا بچووكترین پاش و پێش، كەم و كوڕی دروست دەكات و پێچەوانەی ویستی خودایە، لۆ نموونە" نوێژخوێن نابێ پێش خوێندنی فاتیحە بچێتە ركوع، پێش ركوع نابێ بچێتە سوجدە، ئەگەر وایكرد بە كۆ دەنگی زانایان نوێژەكەی بەتاڵە، چونكە نوێژەكە ڕیزبەندیی (ترتیب) و یاسای خۆی لۆ دانرایە، تەماشا بكەن دروستكردنی پەیوەندی لەگەڵ ذاتی خودای ڕەحمان چۆن دەبێت بەو شێوە بێ سەروبەرییە بكرێت؟ یان بەگوێرەی ئیعتیباراتی كەسەكە بكرێ، كابرا لە هزر و بیری خۆی چۆنی بوێ ئەوها تەسەوری خودای ڕەحمان بكا، چۆنی بوێ ئەوها تەصەوری ئاخیرەت بكات، چۆنی بوێ ئەوها تەصەوری پێغەمبەر بكا، چۆنی بوێ ئەوها لەگەڵ قورئان مامەڵە بكات، یان مامەڵەكردنی لەگەڵ فریشتە (الملائكة) بەگوێرەی ویستی خۆی بێت.

لۆیە هەركاتێك ناخی مرۆڤ بەگوێرەی ئەو یاسایەی خودای ڕەحمان نەهات، ئەوە بێ سەروبەریی و فەوضا لە تێڕوانینیدا هەیە، هەر لە ذاتی خودای ڕەحمانەوە بگرە هەتا مەلائیكەت، بچوكترین كەم و كوڕی لە شێوازی ئیعتباری دروستكردنی ئیمانی نێوان خۆی و ذاتی خودای ڕەحمان دروست ببێ، ئەوە فەوضایەك لە واقیعی كردەوەكانی ئاشكرا دەبێ (امنوا وعملو) ئەو (عملوا) كەم و كوڕییەكەیە، بەڵگەی ئەوەیە ئیمانەكە لەبنەڕەتدا كەم و كوڕیی تێدایە، چونكە كردەوەكە پێچەوانەی ئیمانەكەیە، كردەوەكەی ئەنجامی ئیمانەكەیە.

## لە جێی مەلائیكەت جن لە مێشكمان دانرایە

بەدڵنیاییەوە ئەوە تێڕوانینی یان شێوازی تێڕوانینی ئێمەیە لۆ مەلائیكەت، لۆ؟ تەماشا بكەن تێڕوانینی ڕاست و دروست لە ناو گەنجان لەبارەی مەلائیكەت دا نییە، لە جێی مەلائیكەت جن لە مێشكمان هەیە، مەلائیكەت دەرهێنرایە و بەو جۆرەی كە قورئان داوای كردووە ئیمانمان بە مەلائیكەت نییە.

كەواتە" ئیمان هێنان بە جن هەیە، بەڵام هەرچی ئیمانە دەبێ لۆ مەلائیكەت سەرف بكرێ، ئێستا ئێمە لۆ جن سەرفمان كردیە، لۆ زانیاریتان ئیمان هێنان بە جن لە قورئاندا هەیە، بەڵام ئەو ئیمانە جۆرێكی دیاریكراوە، وەك ئیمان هێنان بە مەلائیكەت نییە، لۆیەخودای ڕەحمان بەهەموو لایەن و تێڕوانینەك باسی بەرجەستەیبوونی مەلائیكەت دەكات، تاكو فیعلەن ئەو حاڵەتە ئیمانییە ڕاستەقینە یاساییە، قورئانییە، سوننەتییە دروست بێت لەناخی ئینسانەكەی، ئەوكات نارێكی و بوار و بۆشایی و دەرفەتی دەست تێخستن لۆ شەیاطین نابێت، وەك" (بێ وێكچواندن) پەرداغێك كە ئەگەر ئاوی تێدا نەبوو ئەوە هەوای تێدایە، ئەگەر توانیمان پەرداغە كە پڕ بكەین بە بەشی ئیمان هێنان بە

مەلائیکەت، بواری جن و شەیاطین نامێنێ تا ئەم نێوەندە ببەزێنن، چونکە پڕە و چڕی ئاوەکەی لە چڕی هەوایەکە زیاترە، کە ئاوە کە دێتە جێی خۆی هەوایەکە دەردەپەڕێنێ.

لۆیە ئێمە لە ژێر کاریگەریی ئەو کەشەداین، چونکە پەیوەندی ڕاستەقینەمان، ئیمانمان بە مەلائیکەت وەکو تێڕوانینی قورئانیی نییە، لۆیە ئاساییە کەموکوڕی لە ناخمان دروست ببێ، یان فەوزا دروست بێت، ئەو فەوزاییەش بگوازرێتەوە لۆ واقیع.

دێینە سەر باسی مەلائیکەت، کە تایبەتمەندیی و کارو فرمانی خۆیان هەیە، لەکۆتایدا پەیوەندی دیاریکراویان لەگەڵ موئمنیش هەیە، پەیوەندی دیاریکراویان لەگەڵ (الناس) و(بني أدم) و(أنبياء و رسول) هەیە، هەریەك لەمانە بوونیان بەگوێرەی ڕێکخستنی (ترتیب)ە لە گەردووندا.

لە صەحیحی ئیمامی ئەحمەد هاتووە: دایکی ئیمانداران (عائیشە) لە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) دەگێڕێتەوە: (خُلِقَتْ الْمَلَائِكَةُ مِنْ نُورٍ وَخُلِقَ الْجَانُّ مِنْ مَارِجٍ مِنْ نَارٍ)(مسند أحمد) ئەوە ماددەی دروستکردنیانە، چڕی نییە، نوورە بەڵام نوورەکەی چۆنە؟ نازانین، چونکە زانیومانە نووریش دروستکراوە، واتە" (ئامادەکراوە) هەر لەڕەنگەکانییەوە نوورە هەتا دەگاتە ژێر سوور، سەرووی وەنەوشەیی هەتا تیشکی (X) کە وێنەی سینگ و لەشی مرۆڤی پێدەگیرێ، ئەوانە هەموو نوورن، بەڵام مەلائیکەت چۆنە؟ نازانین!

خۆشەویست(عليه السلام و البركات) دەفەرمووێ: (نورن)، خودای گەورەش لەقورئان باسیان دەکات کەباڵیان هەیە، (مثنی و ثلاث و رباع)(فاطرا).

## مەلائیکەت تەنها فەرمان جێبەجێ دەکەن

جارێك پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) حەزرەتی جبریل لە شێوەی واقیعی خۆی دەبینێ، باسی (٦٠٠ )شەش سەد باڵ دەکات، قەبارەیان لەگەڵ قەبارەی مرۆڤ جیاوازە، هەیانە زۆر بەهێز، لەوانە عەرشی خودایان هەڵگرتیە، هەیانە بەو هێزە شاری لوط پێغەمبەریان لەبناغەوە هەڵگرتووەو وەریان گێڕاوە، (عَالِيَهَا سَافِلَهَا)(هود٨٢).

تیاندایە دەنگێکی بەهێزو دیاریکراوی هەیە، بە دەنگەکەی مرۆڤ دەکوژێ، هیلاکی قەومی حەزرەتی صالح، (على نبينا و عليهم الصلات و السلام)، مەلائیکەت هەیە ئامێری لایە ناوی(صور)ە، پێش ڕۆژی دوایی نەفخ دەکات، هەرچی لەسەر زەوی و ئاسمان دا هەیە هەمووی بروسك ئاسا (صەعق) دەبی.

وشەی بروسك (صەعق) لەوشەی مردن جیایە، بروسك (صەعق) حاڵەتەکە وەك چۆن کارەبا مرۆڤێك بگرێ ئەوهایە، بەس بەدەنگەکەی، ئەوە سروشتی مەلائیکەتە، ئەوە بەشێك بوو لە

پۆڵێنیان، پۆلێنی خیلقی، بەشەکی دیکە سروشتیان، خودای ڕەحمان باسیان دەکات: (وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَداً سُبْحَانَهُ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ)(الأنبياء٢٦) (لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ)(الأنبياء٢٧)، گوێڕایەڵ و جێی ڕێزی خودایەنە' (لایسبقون بالقول) بە قسەش بە پێش خودای ڕەحمان ناکەون (وقالوا أتخذ الرحن ولدا سبحانه بل عباد)، (وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ)(الأنبياء٢٧) بە فەرمانی خودای ڕەحمان کار دەکەن، (يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ)(الانبياء٢٨) خودای ڕەحمان ئاگادارە لێیان، (وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى)(الأنبياء٢٨)، ئەوە ئیشیانە، (وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ)(الأنبياء٢٨)(يُسَبِّحُونَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لَا يَفْتُرُونَ)(الانبياء٢٠).

تایبەتمەندی کردەیی زۆریان هەیە لە قورئان، ئەوەمان لۆیان وەرگرت لە پێناسەی قورئان، (بێ وێکچواندن) مەلائیکەت وەکو ئامێرێکی دیاریکراو (ئەو نموونەی دەینمەوە تەنها لۆتێگەیشتنە براینە)، (چونکە مەلائیکەت ئەوها نییە، ئەوە بەس نموونەیە).

## ئەو کردەوانەی تەنها مافی خودای ڕەحمانن

بێگومان، مەلائیکەت دروست کراوێکە بەگوێرەی ویستی خودای ڕەحمان تاکو بتوانێ ویستی خودای ڕەحمان سەدا سەدی جێبەجێ بکا لە هەموو ئەو شتانەی کە خودای ڕەحمان دەیەوێ، خودای ڕەحمان بەو جۆرەی دروست کردیە، هەرچی ویستی خودای ڕەحمانە یەکسەر جێبەجێی دەکەن، ئۆتۆماتیکی و بەردەوام پابەند و ئامادەن، کە خودای ڕەحمان فەرمان بکا ئەوان جێبەجێی دەکەن (يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ)(الأنبياء٢٨) واتە" هیچ نییە لەناخی خۆیان پێشکەشی بکەن، نە بەقسە نە بەکردار و ویست، تەنها ئەوەی خودای ڕەحمان خۆی لۆ ئەوانی دانابێ ئەوان ئەوە دەکەن.

بە نموونە بڵێین: لەمێشکیان دانرابێ هەر لەو سنورەش کار بکەن، هەر یەکە لەو کۆمەڵە مەلائیکەتانە شێوازی خۆیان لەکارکردن هەبێت، بە نموونە" کۆمەڵێکیان هەیە بەس لە جەهەننەم مرۆڤ ئازار دەدەن (**وَمَا جَعَلْنَا أَصْحَابَ النَّارِ إِلَّا مَلَائِكَةً**)(المدثر٣١) بوونی ئەو مەلائیکەتە بەهۆی ئازار دانەکەیە (تعذیب)، چەندە باش ئازاری بدات ئەوەندە خۆی ئارامتر دەبینێ، خودای ڕەحمان ئەوهای دروست کردیە، کەتەلۆکی هەیە، ئینجا بەو جۆرو پلانە.

تیایاندایە پێناون لەنێوان خودای ڕەحمان و مرۆڤدا، باڵیۆزن، خودای ڕەحمان فەرمان دەکات فلانە شت بەو پێغەمبەرە بلێ، واتە" خودای ڕەحمان فەرمان بەچی بکا ئەوە دەگوازنەوە، مەلائیکەت هەیە تایبەتە تەنها کوتوب دێنێتە خوارەوە، وەك"جبریل کە بەرپرسی سروشە لە نێوان خودای ڕەحمان و ئەنبیاء و رسول، هەر یەکەیان کاری تایبەتی خۆیان هەیە، هەمووشیان لەنێوان زەوی و ئاسماندا ئەو کارانە دەکەن.

ئەوەی ئێمە پەیوەندیمان پێ هەیە، لە تێگەیشتنی ئیمان پەیوەندیمان بە ئەوانی دیکە نییە، چ لەدەرەوەی گۆی زەوی هەیەو چ نییە پەیوەندیمان پێوەی نییە، پەیوەندیمان بەوە هەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا چ هەیە، نێوان ئێمەو خودای ڕەحمان لەسەر زەوی کە خودای ڕەحمان بییەوێ بەوانی بکات ئەوان دەیکەن، ئەو ئاسۆیی (ئۆفوق)بیەم پێ گرنگە، مەبەستم ئەوەیە کە لە ئیمان هێنان کۆمەڵەك لایەن هەیە خودای ڕەحمان بە مەلائیکەتی دەکات.

لە قورئاندا زۆربەی وشە یاخود کرداری کە خودای ڕەحمان (نا)ی لەگەڵ بەکار هێنابێ، بەنموونە" (أنزلنا، أمطرنا)ی لەگەڵ بەکار هێنابێ، زۆربەی مەلائیکەت لە ناویدا هەیە، (نا)ی لەگەڵ هاتبێ وەك" (أنزلنا، أمطرنا، خلقنا) ئەوەی هەمووی پیتی(ن، ا) لەگەڵ بێت مەلائیکەت بەشەکە لە نێویدا.

واتە" خودای ڕەحمان بەهۆی مەلائیکەت ئەو کارە دەکات، ئەوە کاری مەلائیکەتە، بەنموونە" خودای ڕەحمان یەکەم مرۆڤی بەدەستی خۆی دروست کردیە، (مامنعك أن تسجد لما خلقت بيدى)(ص٧٥)، ئەوەی ماوە تەنها لۆ(خلقت)ی بەکار هێنایە.

ئەوەی ماوە (ن،ا)ی لەگەڵ بەکار دێنێ، لە بەرچی؟ چونکە مادەی یەکەم لە بنچینە دا خودای ڕەحمان دروستی کردووە، پاشان مەلائیکەت بەشی دیکە تەواو دەکەن، نەك دروستی دەکەن، یان زیادو لە خۆی دەگرن.

نموونە" دابەزاندن(التنزيل) خوێندنەوە و تەقدیراتی خوای کە لە ئاسمان دابەزێتە سەر زەوی، یەکەمین بەش کە خودای ڕەحمان کردوویەتی پاشان دەیداتە دەست مەلائیکەت، نموونە" (تصوير)ی مرۆڤ کە خودای ڕەحمان لەناو ناخی رەحم پلانەکەی هەموو دانایە.

ئەو مەلائیکەتە دێت ئیش دەکات، چونکە ئەوە هەمووی ئیشیتی، دەبێ ئیمان بەو کۆمەڵە کارە بێنین کە مەلائیکەت دەیکات، چونکە جێبەجێکاری فەرمانی ڕەهای خودان هەتا لە دەرچوونیشی.

بەڵام کردەوەی دیکە هەیە خودای ڕەحمان لە قورئان تەنها بە مافی خۆی داناوە، وەك(حكم) لە قورئان نەی فەرمووە (حكمنا)، بە نموونە" لۆ (حلم) لۆخۆی خۆی و لۆ مەلائیکەتیش هێنابێ، لەبەر ئەوەی تایبەتە بە خۆی، ئەوە جیاوازییەکەیە، ئەو کۆمەڵە لایەنەی پەیوەندی بەذاتی خۆی هەبێ، کە (فعل) لۆ خۆی فەرمویەتی، لۆیە لە هەموو قورئان (حكمنا) نییە، بێگومان زۆر نموونەی دیکەی ئاوا هەیە.

لۆیە ئەوەی کەخۆی فەرمانی کردبێ بەگوێرەی پلان و ویستی خۆی لەسەر گۆی زەوی و گەردوون جێبەجێبکرێ ئەوە پیتی (ن،ا)ی لەگەڵ بەکار هێناوە، ئەو حاڵەتە لە قورئان زۆرە و کاری دیکەشیان هەیە، مەلائیکەتی تایبەت کاری دیکەشیان هەیە وەك هەڵگرتنی عەرشی خودای ڕەحمان فەرمانی پێکردینە عەرش هەڵگرن.

## مەلائیکەت لای مؤمن ڕادەوەستێ

ئەوەی پەیوەندی بە ئیمەی موسلمان هەیە، کە مەلائیکەت وەك پایە پێدانێك ئەو مافەی دڕایتی کە (مکرمة عند الله) شەفاعەتی بکات، بەڵام بەو ڕێگەو چوار چێوەی کە خودای ڕەحمان لۆی دیاریکردووە، بەڕێپێدانی خۆی لۆ ئەو کەسانە کە خودای ڕەحمان خۆی دیاری یان دەکات.

کەواتە" ڕاسپێردراوەو تەنها لە پێگەی ڕێزلێنانە، خودای ڕەحمان فەرمان بە مەلائیکەت دەکات تکا (شەفاعەت) لۆ فلان بکە و فلانە کەس مافی شەفاعەتی هاتووە، ئەگەرنا شتی وا نییە کە مەلائیکەت عەقلی فلان کەسی گرتووە لە ناکاو دەست بە تکا (شەفاعەت) بکات، یان چۆنی بوێ ئاوا شەفاعەتی لۆ بکا، لە قورئان بەو شێوەیە نییە، مۆڵەتەکە تەنها لە دەستی خودایە، لە تێگەیشتنی شەفاعەت دەبێ خودای ڕەحمان کەسەکان دیاری بکات، هەتا جۆر وشێوەی شەفاعەتیش لەلایەن خوداوە دیاری دەکرێت، کەواتە" حاڵەتەکە بەس ڕێزە، ئەگەرنا لە دەست مەلائیکەت نییەو هەتا لۆ ئەنبیاء و روسولیش ئاوایە.

هەندێ مەلائیکەت پەیوەندیان لەگەڵ گرۆی مؤمین هەیە (منها انبیاء ورسول، منها صالحین).

دەربارەی ئەنبیاء و رسول جگە لە دابەزینی کتاب و چاودێری و پاسەوانیکردن و پاراستنیان، موناجاتیان هەیە، (ونادته الملائکه وهوقائم یصلی)(ال عمران ٢٤) وەك لۆ مەریەم (واذ قالت الملائکه یا مریم...)(ال عمران٢٤) ئەوانە هەمووی لۆ مەریەم گوفتارە، لۆ فلان پێغەمبەرە موناجاتە، هەر یەکە پێگەی تایبەتی خۆی هەیە.

هەموو دەزانین مەریەم رسول نەبووە (نبیة) بووە، صالحە بووە،

ئەگەر جیاوازیش بکەین لە نێوان رسالەت و نبووەت، ئاشکرایە کە رسالەت دەبێ بە بێ کەم و زیاد وەك خۆی نەقڵ بکرێت، بەڵام لە نبووەت گەیاندنە بە کەلیماتی کەسەکە و شێوازی ئەو کەسەی کە بە زمان یان بە ئیشارەت یان بە نووسین یان لە بن گوێی بخوێنی دەیگەیەنێت، واتە" کابرای نەبی تەحەکوم بە ماددەکەی دەکات، چەندی دەڵێ؟ چۆن دەڵێ؟ لە کێ دەڵێ؟ بە چ ڕێگەیەك پێی دەڵێ؟ کەی پێی دەڵێ؟ ئەوە هەمووی لە چوارچێوەی نبووەتە، لۆیە (ام موسا)ش نەبییەیە، چونکە پێی گوترا کوڕەکەت لە ناو سەبەتە دابنێ و فڕێی بدە ناو نیل، بەڵام ڕێگەی دانانی لە ناو سەبەتەو فڕێدانی لۆ ناو روباری نیل ئەو خۆی کردی، ئەوە نبووەتە.

خودای ڕەحمان لە جێگەیەکی دیکە دەفەرمووێ: (فَاتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَاباً فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَراً سَوِيّاً)(مریم١٧)، دەربارەی گرۆی موئمنین ڕەنگە لە فکری بەشەر مەلائیکەت بەس نواندن (تمثل) بکاو ئامۆژگاری و ئاراستەی بکا، بە بەڵگەی ئەوەی (إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ)(فصلت٣٠) هەروەها چیان پێ دەڵێن: (أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا

بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ) هێل لەژێر(نحن)(نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا) پاشان (وفي الاخرة) پاشان بە چوار ماناوە هاتووە: (معين، نصير، صاحب، صديق) کەواتە" پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە تێگەیشتنی ویلایەت هەیە، لە قورئاندا دەربارەی موئمین ئەوەی کە خۆڕاگری (ئیستیقامة) بێ ئەوە پەیوەندی نێوان موئمینە ڕاستەقینەکەیە لەگەڵ مەلائیکەت و پەیوەندی لەسەر تێگەیشتنی هیدایەتە، تەوەلی بەمانای صاحب، صدیق، معین موعاوەنەی بکا، نصیر لەسەر دونیا مەلائیکەت سەری بخات.

بەو چوار مانایەی لە دنیا مەلائیکەت پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ موئمین هەیە، لە دوارۆژیشدا (الاخرة) نحن (أولیأکم في الحیاة الدنیا و في الاخرة)(فصلت٣١) (وَالْمَلَائِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَن فِي الْأَرْضِ)(الشورى٥).

## چۆن ئیمان بە مەلائیکەت بێنین؟

لەو جۆرانەی باسمان کرد ئەوە پۆلەکانی مەلائیکەتن، چۆن ئیمان بە مەلائیکەت بێنین؟ ئیمان هێنان بە مەلائیکەت زیندویتی لە ئیمان هێنان بەذاتی خودای ڕەحمان وەر دەگری، چونکە ئیمان دوو روکنی سەرەکییە، سێ روکنەکەی دیکە تابیعە، تەنها دوو روکن سەرەکییە کە خودای ڕەحمان و(الیوم الاخرة)ە، سێ روکنە تابیعەکە (رسول، کتب، الملائکة)، ئەو سێ روکنە تابیعە لەذاتیخودای ڕەحمان هێز وەردەگرن.

ئەگەر ئینسانەکە وەك زانیاریی بەڕاستی لە چەمکی ربوبیەت تێگەیشت، شەوان بەهۆی قیرائە لە ناخی خۆی تێگەیشتنی لەبارەی ربوبیەت دروست کرد و دووبارەی کردەوە، لە ناخیدا زیندووی کردەوە، هەست بەوە دەکات پەیوەندی نێوان ذاتی خودای ڕەحمان لەگەڵ ئەو موئمینەی نەپچڕاوە، پەیوەندییەك لە ناخەوە، پەیوەندییەك لە ڕیشەوە، پەیوەندییەك زیندوو، هەر لە چرکە ساتی ئەو موئمینە ئیمان بە خودای ڕەحمان دێنی، ئەو پەیوەندییەی نێوان مەلائیکەت دەست پێدەکات، هەتا لە ناو بەهەشتیش پچڕانی نییە، لەو ساتەی کە ئیمان بە خودای ڕەحمان دێنی هەست دەکەی کەخودای ڕەحمان ئەو گەردوونەی پشت گوێ نەخستووە.

بەنموونە" کە دێی تەصەور دەکەی ئەو ڕۆژە چۆن لە ڕۆژهەڵات هەڵدێت و لە ڕۆژئاوا جارێکی دیکە ئاوا دەبێتەوە، کە ئەوە مەلائیکەتە دەیهێنی و دەبیات، هەر لەخۆڕا جووڵە ناکات چونکە عەقڵی نییە، یان ئەو مانگە ئاوا پەیوەستە بەو زەوییە و جازبیەتی مەلائیکەت گرتیتی، کە باران دێتە خوارێ مەلائیکەت بەو ڕێژەو پێوەرانە دەیهێنێتە خوارەوە، ئەوە هەمووی ئایاتن، ئەوەی لە زەوی دەردەچی مەلائیکەت بە گوێرەی ویستی خودای ڕەحمان چاودێری دەکات و دەری دەهێنێ، کەواتە" ئەو مۆمینە کە دێت مومارەسەی قیرائە دەکات لە بۆ ذاتی ربوبیەتی (رب العالمین)، ئەو ڕوونییە لە مەلائیکەت هەست پێدەکات، کە بە شەش مانگ و بە ساڵ مومارەسەی ئەو حاڵەتەی کرد، ئەوکات

هەست دەکات بە فعلی مەلائیکەت بەشێکە لە ئیمانی، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو صەمیمی لە نێوان خۆیی و مەلائیکەت و برادەرایەتییەك لە گەڵ خۆیی و مەلائیکەت دا هەیە، ویلایەت لە گەڵ مەلائیکەت هەیە.

چۆن ئایاتی کەونی قابیلە لۆ دووبارەبوونەوە ئاواش ئایاتی شەرعی قابیلە لۆ دووبارەبوونەوە، هیچ دوور نییە ئیماندار پێویستی بە ئامۆژگاری و تەببەیەنی دین هەبێت و مەلائیکەت بێت تەببەیەنی دینی لۆ بکات.

لە بوخاری و موسلیم بەچوار ڕیوایەت دەگێڕتەوە: لە دەشت کۆمەڵێك ئەعراب لە خزمەت پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) دانیشتینە، ئیمانیان بەخودای ڕەحمان و پێغەمبەر هێنایە، بەڵام تێگەیشتنیان لە ئایین کەمە، ئەوان چاوەڕێی پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) دەکەن، پێغەمبەریش (علیه السلام و البرکات) چاوەڕێی ئەوان دەکات قسان بکەن، لە ناو مەجلیسیش عبداللە بن عمر مەوجودەو دەگێڕتەوە: (کنا جلوسا عند النبي (علیه السلام و البرکات) فجاء رجل شدید بیاض الثیاب شدید سواد شعر الرأس لا یری علیه أثر سفر ولا یعرفه منا أحد فجلس إلی النبي (علیه السلام و البرکات) فأسند رکبته إلی رکبته و وضع یدیه علی فخذیه ثم قال: (یا محمد ما الإسلام)(صحیح ابن ماجه) (یا محمد ما الایمان)، وەڵامی دایەوە، (یا محمد ما الاحسان)، وەڵامی دایەوە (فمتی الساعة) لە ئەنجامدا هەستاو ڕۆیشت.

پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) فەرمووی: (ذلك جبریل اتاکم یعلمکم معالم دینکم) وایە یان نا؟ کێ بوو؟ جبریل بوو، ڕەنگە لۆ کاك فلان و فیسار مەلائیکەتەك نەیەتە خوارەوە، بەڵکو بەقەد خۆی دێتە خوارەوە، ئەگەر بەشەریش بیت، ئایا بە بەڵگەی ئایەت لە قورئان دا ڕێگری هەیە؟ بەڵگەی ئایەتێك یان فەرموودەیەك نییە، کە بڵێ وشەی ویلایەت بەس لە زەمانی پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) لۆ هاوەڵان (أصحاب) بووەو ئێستا پچڕاوە، بە دەیان بەڵگە هەیە لە ژیانی(الذین امنو مع رسول الله) پەیوەندی لەناخەوەی لەگەڵ مەلائیکەت.

ئەگەر بێتو مؤمن بەبەڵگەی دەقی فەرموودە، (حەفەظە)ی هەبی، کە لە بوخاری و موسلیم گێردراوەتەوە، هاوەڵانی دیکەش کە مؤمنن (حەفەظە)یان لەسەر هەیە، بە وشەی (حەفەظە) هاتووە، (یحفظونه)، ئەو بە ذاتی پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) لۆ گرۆی (مؤمین)یش (حەفەظە) لە نوێژی عەصرو بەیانی تەعەقوب دەکەن، کۆمەڵە بە کۆمەڵە، دەستەیەك دێنە خوارەوە، دەستەیەك دەچێتە سەرەوە.

فەرموودەی صەحیح هەیە، لەکاتی نووستن مەلائیکەتی تایبەت دێنە لای قاچ و یەك دێتە لای سەری مؤمین ڕادەوەستێ، جگە لەوە مەلائیکەتی نووسین (سەرشان) دێنە لای ئەو مؤمینەی کە ڕاهێنانی حاڵەتی ئیمانی ڕاستەقینە دەکات بە ماددیات، کە بە کردەیی مەلائیکەت بە چاکە دێنە ناو ئەو بابەتانە.

ئەو ڕوناکییە لە ناوەوەی دروست دەبێت، دەبێ ماددەی لە ناوەوەی هەبێت، تا ئامێری ناخی دەست بە کارکردن بکات، ئەو کات ئەو لایەن و بۆشاییە، ئەو بەرداغەی باسمان کرد پڕ بکرێ بە ئیمان هێنان بە مەلائیکەت، ئەوکات بواری شەیتانەکان کەم و سنووردار دەبێت، لۆیە کۆمەڵە شتێك (ئمور) لۆ کابرا دروست دەبێت، نموونە" (لا یأمره الا بخیر) مەلائیکەت بەس وێنەی ڕاست و باش پیشان دەدات، لۆ؟ چونکە وشەی وەلی بەو مانایانە هاتووە. خودای ڕەحمانیش وشەی فەرمووە، نەك ئەوەی زەید و عوبەید دەیڵێن، ئەوە ئەگەر هاتوو ئیمانەکە ڕێك بەو جۆرە بوو لەگەڵ مەلائیکەت..

بۆشایی لۆ شەیاطین کەمبوو بۆشایی لۆجنیش کەم دەبێت، ئەوکات نابێ بێت لە ناو ناخمان دابنیشێت، جن نایەت ناخمان هێور بکاتەوە، لۆ زانیاریتان هیچ ئایەتیکی قورئانیی و فەرموودەیەك نییە بڵێت: جن دێتە ناو لەشی مرۆڤ.

## هەموو کاتێك مەلائیکەت لە گەڵ مرۆڤە؟

لۆ دڵنیایی ئەوەی هەیە سەدا سەد گومانە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئیمانمان بەمەلائیکەت سنووردارە، لۆیە شەیطان دەتوانێ دەرفەت ببینێتەوە، ئەوهامان لێبکا کە بەکردەیی دەتوانی لە شێوازی مرۆڤ خۆی بکا بە مرۆڤ و بێتە ناو ناخمان، ویستمان لێ وەربگری، بشتوانی کاری خۆی بە ئێمە بکات.

لۆیە ئەو فیکرە لەناو گەنجان زۆر بەهێزە، شوێنەواری خراپیشی زۆر بەهێزە، شوێنەواری خراپیشی زۆرە، شوێنەواری خراپی واقیعی هەیە، ئیمان بە مەلائیکەت پەرژینە لۆ ئەوەی بە کردەیی باوەڕو زانیاریمان دەربارەی جن ببێتە جێگۆرکێی ئیمان هێنان بە مەلائیکەت، ئەو کات ئەگەر بە ڕاستی ئیمانمان بەرز بێت، ڕەنگە لە شێوەی بەشەر ئامۆژگاریمان بکات، ئاراستەمان بکات، بەرچاو ڕوونیمان بکات، لۆ چاکەکاریی پاڵمان پێوە بنێ، بۆشایی لۆ شەیاطین نامێنێ، ئەو جۆرە ڕاهینانە.. ئەو حاڵەتە ئیمان لەناخی مرۆڤی ئیماندار ئیمان دروست دەکات.

کە بەکردەیی مەلائیکەت هەموو کات بوونیان هەیە، بەڵام لە جێگەی خۆ شوشتن و WC مەلائیکەت لەگەڵی ناچێتە ژوورێ، هەروەها لە کاتی پەیوەندی نێوان هاوسەران مەلائیکەت مۆڵەت وەردەگری و دەردەچێ، تەنها لەو سێ جێگەیە مەلائیکەت دەردەچی، ئەوەی دەمێنێتەوە هەموو کاتەك مەلائیکەت لەگەڵ ئەو مرۆڤەیە.

ئەو هەستە بە قیرائە دروست دەبێت، لە شەودا دەبی هەڵسی ڕاهێنانی ئەو حاڵەتەی بکەی کە بەڵێ مەلائیکەت دروستکراوێکە نەك دروستکەر، هەتا هەست بەبوونی بکا ژینی لەگەڵ بکات، ئەوە کار و باشیەکانیتی، ئەوە کارلێك و زیندوێتیی لەگەڵ ئەو، ئەگەر ئەو باوەڕە لەلای مۆمن دروست بوو،

ئەوە دەبێتە ئیمان، بەکردەیی دەگاتە ئەو ئاستەی کە پەیوەندی باش لە نێوان خۆیی و مەلائیکەت دروست ببێت.

ئەو ئایەتانە لۆ ئیشکردن لەسەر مەلائیکەت زۆرن، پۆلێنی مەلائیکەت، چۆن جوولە دەکەن؟

چالاکییان هەیە لەسەر گۆی زەوی، جوولە و چالاکیان لەسەر ئەنبیاء و رسول، هەتا لەسەر خودەکان، هەتا لۆ کافرەکان، بە نموونە" کە کافر دەمرێت خودای ڕەحمان دەفەرموێ: (قُلْ يَتَوَفَّاكُم مَّلَكُ الْمَوْتِ الَّذِي وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ)(السجده١١) ئەوە لۆ بەشەرییەتە بە گشتی، بەڵام کابرای کافر کە دەمری جیاوازە لە گەڵ ئیماندار، دەفەرموێ: (وَلَوْ تَرَى إِذْ يَتَوَفَّى الَّذِينَ كَفَرُواْ الْمَلآئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ)(الانفال٥٠)، بەتەواوی دۆخێکی بەرجەستە بێننە بەرچاوتان، دەبێ دەستی مەلائیکەت چۆن بێت لە ڕووی مرۆڤەکەی بدا، بێت لە دەم و چاوی بدات، لە هەمان کات لە پشتیشی بدات، ئەو بەشەرە چی لێدێت؟ ئەو دۆخ و دیمەنە وێنە بگرن لەبەر چاوتان، لێدان بەلێدانی مەلائیکەت، (یضربون وجوهم)، لە هەمان کات لەپشتیشی بدات، بێننە پێش چاوتان بزانن خوارو خێچییەکەی چی لێدێت؟ لۆ؟ (وجوههم) لۆ؟ (أدبارهم).

زانستی دەروونیی جوانترین وێنەی دەگری، لە بەرچی ڕواڵەت و بەشی پشتەوەی هەردوکیان بەیەکەوە؟ لەبەرچی ناڵێ سەری؟ یان دەست و پێیەکانی، ئینجا حاڵەتەکە بە بەرجەستەیی (مجسم)ی لەناو قورئاندا هەموو وێنەی هەیە، کە خوێندنەوە لە پێش چاوی خۆت بیبڕە، وێنەی بگرە بزانە حاڵەتەکە چۆنە؟ چۆن دروست دەبێت؟ ئەو مرۆڤە چی لێدێت؟ هەروەها لەکاتی دەرچوونی نەفسی تەماشا بکە.. هتد.

لە هەردوو سوڕەتی(ال عمران و الانفال)و زۆرسورەتی دیکە تەماشا بکەنخودای ڕەحمان چۆن یارمەتی پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) و هاوەڵانی داوە بەمەلائیکەت، ئەو کارانەی مەلائیکەت دەیکەن هەموو بە پلان و بەرنامەیە، بەڵام شەڕیان نەزانیوە، لۆیە خودای ڕەحمان لەناو جەنگ ڕاهێنانیان پێدەکات و سەربازگەیان لۆ دادەنێ، شمشیر(السیف) یان لە دەستە خودای ڕەحمان فەرمانیان پێدەکات بەو شێوەیە لە دوو جێگەیان بدەن: (فاضربوا فوق الاعناق واضربوا منهم كل بنان)(الانفال١٢) پەنجە، مەلائیکەت لیستی لایە لەوەی نوسراوە لە گەردەنی دەدا (فوق الاعناق)، ئەوەی ڕەنگە لە داهاتوو ببێتە مؤمن لە لیستەکە هەیە یەکسەر لە پەنجەکان دەدات و پەلی دەدا، ئەوە هاوکاریی جۆرییە (مەددی نەوعیە) لە حاڵەتەکی دیاریکراو، خودای ڕەحمان فەرمانی کرد یەکسەر مەلائیکەت دادەبەزن، ڕادەهێنرێن، هەر لەوێ کارەکە جێبەجێ دەکەن، کەی ئەوە دەکرێ؟ بێگومان ئەو کاتەی کە پەیوەندی ئیماندار گەیشتە ئەو ئاستەی مەلائیکەت کاری خۆی نەبێت بەڵام ئەو کارەی پێ بکرێت، چی وادەکات ئەوە دروست بێت؟ جۆر و ئاستی ئیمانداران، واتە" پەیوەندی ئیمانداران وادەکات ئەوە پێویست بکەن لەسەر مەلائیکەت و مەلائیکەت ئاوا مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

# هاوەڵان نۆ جۆریان هەیە

ئیمانداران بە كردەوە چاكەكانیان لەسەر مەلائیكەت پێویست دەكەن ئاوا بكەن، نەك هەر ئەو حاڵەتانە، هەتا خودای ڕەحمان لەو حاڵەتانە خۆی بە گەورەیی و هێزو هەڵبژاردنی خۆی دەستی خستۆتە ناو بابەتەكە، (انی معكم) بە مەلائیكەت دەڵێ: خودای ڕەحمان دەفەرمووێ: (انی معكم فثبتوا الذین امنوا)(الانفال١٢)، ئینجا (فاضربوا فوق الاعناق واضربوا منهم كل بنان)(الانفال١٢)، چ حالەتەك وایكرد خودای ڕەحمان لەو ئاستە بەرزە ئەو هەموو فەرمانە دەربێنێ لۆ پەرستشی موككەڕەم؟ بێگومان كردەوەی چاك و بەرزی حاڵەتی ئیمانیان، چونكە توێژێك لە نێو ئیمانداران ئیمانیان نەگەیشتبووە ئەم ئاستە، لە بەرچی؟ چونكە یاسای ئیمان هێنان بە ذاتی خودای ڕەحمان لەلایەن ئەوانەی كە تازە دەهاتنە ناو چوارچێوەی ئیمان بەو شێوەیە وەرنەگیرابوو، لە مەدینە مزگەوت و نوێژ و حەج و شەهادە و.. تد هەبوو، ئەوەی دەهات وەكو ئێستامان نوێژو حەجی دەكرد و شەهادەی دەهێنا بێ ئەوەی بە ئاستەكانی دروستبوونی ئیمان تێپەڕیبن، لۆیە كەم و كوڕیی لە ناخیاندا هەبوو.

كە دەهاتن مامەڵەیان لە گەڵ واقیعێكی دیاریكراو دەكرد، ئەو ئاستە ئیمانییەیان نەبوو، وەك و موصعەب و عەممار و.. تد بەو یاسایانە نەهاتبوون كە هاوەڵان پێیدا تێپەڕیبوون، لۆیە كەم و كوڕی دروست دەبوو، ئەگەر نا وەكو ئەوان سیواكیان بەكار دەهێنا، شمشێریان لە لابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوەویان لەو ئاستە نەبوو نەیانتوانی وەك ئەوان ئەركەكە جێبەجێ بكەن، لەوێیەوە كێشە دروست دەبوو، خودای ڕەحمان لەبارەی ئەوانەوە بەو شێوەیە ناویانی هێناوە و دەفەرموێ: (الذین في قلوبهم مرض)(الانفال٤٩).

لۆیە ئەگەر پێناسەی هاوەڵان (أصحاب) بزانن سورەتی التوبە بە بەرجەستەترین شێوە باسی دۆخی هاوەڵان دەكات، نۆ پۆل (طبقة)ی هاوەڵان هەیە نەك یەك، ئەوانە بەو جۆرە لە قورئان پێناسەیان لۆ دەكرێت، چ دۆخەك ئەوە پۆلێن دەكات؟ ئیمانی ڕاستەقینە بەذاتی خودای ڕەحمان و بەئاخیرەت و بە كتوب و رسول، بەتایبەتی ئیمان هێنان بەمەلائیكەت ئەو زیندوێتیە دووبارە دەكاتەوە.